# لەیادی 84 ساڵەی گیان لەدەستدانی ڤلادیمیر ئیلیچ لێنین

## لە پەرتووکی: بیرەوەرییەکان دەربارەی لێنین



و. مەحمود محەمەد عوسمان
m_o_osman@hotmail.com

## کلارا زێتکین

((کۆمەڵگەیەک لەسەر خاوەندارییەتی تایبەت پێکهاتبێت، هونەرمەند شتومەک لە پێناو بازاڕدا بەرهەم دەهێنێت، چونکە پێویستی بە کڕیارِ هەیە. شۆڕشەکەمان هونەرمەندانی ڕزگار کرد لەم بارودۆخە بێفەڕ و سادەیە)).

ئێمە کە سێ ژن بووین و دەربارەی هونەر و پەروەردە و فێرکردن گفتوگۆمان ئەکرد.، لێنین بەسەرمانی کردەوە. بەتایبەتی من لەو کاتەدا کارە ڕۆشنبیریە بەرز و بێهاوتاکانی پەلشەفیکەکان سەرسامیان کردبووم، هەروەها پەرەسەندنی هێزە داهێنەرەکان کە خوازیاری ڕێگەخۆشکەربوون بۆ ڕێگەیەکی نوێ بۆ هونەر و پەروەردە لە وڵاتدا. لەگەڵ ئەمانەیشتدا نەم ئەشاردەوە کە ئینتباعێکی تایبەتیم هەبوو کە زۆر جار بۆ مرۆڤ دەردەکەوێت کە بێباوەڕی سەرنجت ڕائەکێشێت و لەو هەنگاوە ئەزموونگەرانە هەست بە نارۆشنی ڕێگاکە دەکەیت. هەروەها هەندێ جاریش هەست دەکەیت مەیلێکی دروستکراو هەیە بۆ(مۆدە)،لاسای کردنەوەی نموونە ڕۆژئاواییەکان لە پاڵ لیکۆڵینەوە بەهەڵمەتەکان لە سەر ناوەرۆکێکی نوێ و فۆرمێکی نوێ و ڕێگەیەکی نوێ لە ژیانی ڕۆشنبیری.

لە ناکاو لێنین بە حەماسەتێکی زۆرەوە بەشداری لە گفتوگۆکە کرد و وتی:

بە ئاگاهێنانەوەی هێزە نوێکان و کارەکانیان لە پێناو خوڵقاندنی هونەر و ڕۆشنبیرییەکی نوێ لە ڕووسیای شوورەوی کارێکی گونجاو و زۆر باشە و شێوازی پەرەسەندنە بەهێزەکەی کارێکی ڕۆشن و بەسوودە. ئەوەی لەسەرمانە تەعویزی ئەوە بکەینەوە کە لە ڕابردوودا لەدەستماندا، ئێمە ئەمەمان ئەوێت. ئەم هەلبژاردە فەوزەوییانە و گەڕانێکی بێوچان بەدوای دروشمی نوێ، دروشمێک کە ئەمرۆ هاوار دەکات (ئەوەی کە دێت موبارەکە بەناوی خواوە) لە ڕوانگەی ئەو ڕەوتە دیاریکراوانە لە هونەر و لە فیکر، ئەمرۆ بەم شێوەیە هاوار دەکات و سبەینێ هاوار دەکات ودەڵێت لەخاجی بدەن، لە خاجی بدەن! ئەمانە هەمووی مەسەلەیەکن کە دەربازبوونیان نییە.

شۆڕش کۆت وزنجیری هەموو هێزەکان دەکاتەوە کە تا ئێستە دەستبەسەرن و لە بنەوە پاڵێن پێوە دەنێت تا دەگەنە ئاستی ژیان. با نموونەیەک لەو نموونە زۆرانەتان بۆ بهێنمەوە. بیربکەنەوە لەو کارتێکردە کە دەسەڵاتداران هەڵسوکەوتیان پێدەکردن لە مۆدەی سەردەم و ئارەزووەکانیان هەروەک چۆن خاوەن شکۆکان و برژوازییەکان ڕەفتاریان دەکرد بە ئارەزوو و خەیاڵە نامۆکانیان لەسەر وێنە و پەیکەر و هونەری باڵەخانەمان.

کۆمەڵگەیەک لەسەر خاوەندارییەتی تایبەت پێکهاتبێت، هونەرمەند شتومەک لە پێناو بازاڕدا بەرهەم دەهێنێت، چونکە پێویستی بە کڕیارِ هەیە. شۆڕشەکەمان هونەرمەندانی ڕزگار کرد لەم بارودۆخە بێفەڕ و سادەیە، وای لە وڵاتی شوورەوی کرد کە پارێزەریان بێت و بەرهەمەکانیان داوابکات. هەر هونەرمەندێک و هەر کەسێک خۆی بە هونەرمەند بزانێت، مافی خۆیەتی کە بە ئازادانە داهێنان بکات و چۆن خودی خۆی دەدۆزێتەوە بە بێ ئەوەی پاشکۆی هیچ شتێک بێت.

بەڵام ئێمە کۆمۆنیستین و ئەمە شتێکی ڕۆشنە. و ئەرکمان ئەوەیە کە دەست لەسەر ئەژنۆ نەوەستین و ماوە بدەین بە بەرەڵای کە بە ئارەزووی خۆی لەملاولەولا بدات، بەڵکۆ دەبێت بەتەواوەتی و بە شێوەیەکی بەرنامە دارڕژراو ڕابەرایەتی ئەم پرۆسەیە بکەین و دەرئەنجامەکانی بەرجەستە بکەین. هەتا ئێستە ئێمە دوورین لەمەوە، زۆر دوورین. هەروەها وا بە خەیاڵمدا دێت کە ئێمە کۆمەڵێ دکتۆرمان هەیە لە شێوەی کارلشتادت(1). ئێمە زیاد لە پێویست لە مەیدانی وێنەکێشاندا ڕوخێنەرین.

پێویستە لەسەرمان هەرچی جوانە بیپارێزین، وەک نموونە وەریبگرین و لەوێوە دەستی پێبکەین، تەنانەت ئەگەر (کۆنە)ش بێت. بۆ دەبێت پشتمان بکەین لەوەی کە بەڕاستی جوانە و بایەخی پێنەدەین وەک خاڵی دەستپێکردنمان بێت بۆ گەشەکردنێکی داهاتوو، لەبەر یەک هۆ، گوایە کۆنەیە؟ بۆ دەبێت کرنۆش ببەین بەرامبەر نوێ، وەک ئەوەی خواوەند بێت، و تەسلیمی دەبین تەنها لەبەر ئەوەی نوێیە؟ ئەمە کارێکی نەگونجاوە و بەهیچ شێوەیەک قبوڵ نییە! ئەلێرەدا دووڕووی ولە خۆباییەکی بێ ئاگایانە دەردەکەوێت، بەڵی بۆ ئەو مۆدە هونەرییەیە کە لە ڕۆژئاوادا باوە.

ئێمە شۆڕشگێرانیکی باشین، بەڵام هەست دەکەین، لە بەر هەر هۆیەک بێت، ئێمە پابەندین بۆ ئەوەی بیسەڵمێنین کە لە (ئاستی ڕۆشنبیری سەردەمین). بەڵکۆ دەتوانم بوێرانەتر دەربارەی خۆم بدوێم، من کێویم(هەمەجیم). من ناتوانم دانەرەکانی (تەعبیری و موستەقبەلی و تەکعیبی) و هاوشێوەکانیان لە ڕەوتە هونەرییەکانی تر لە ئاستی عەبقەریەتی هونەری دابنەم. من لێیان تێناگەم و هەست بەدڵشادیان ناکەم.

نەمتوانی دان بەخۆمدا بگرم، ئیعترافم کرد کە من خاوەنداریەتی ئاگایانەم نوقسانە بۆ ئەوەی تێبگەم، بۆچی سێ گۆشەکانی سەرسوچەکان دەربرینێکی هونەری بێت بۆ ڕۆحێکی سروش بەخش (ملهم) لە جیاتی لووت؟. بۆ مەیلێکی شۆڕشگێرانە بگۆڕێت بۆ کاردانەوەیەکی بە هێز لە لەشی مرۆڤدا، کە هەموو ئەندامەکان بەیەکەوە گرێ دەدرێن لە یەکەیەکی ئاڵۆزدا بۆ کیسەیەکی شلی بێ شێوە، لەسەر دوو دار وەستاوە و هەر دارێکیش دوو پۆلە و هەر پۆلێکیش پێنج ددانە.

لێنین لە قوڵایی دڵیەوە قاقایەکی بەرزی لێدا و بەردەوام بوو.

_ بەڵێ عەزیزم کلارا، هیچ فێڵێک لە دەستماندا نییە. هەردووکمان پیرین. وامان دانابوو بەلای کەمەوە لە شۆڕشدا بە گەنجی بمێنینەوە، و لە ڕیزەکانی پێشەوە بین. مافمان نییە بە دوای هونەری تازەوە بین، هەروەها دەمێنینەوە و بە هێواشی بەدوایانەوە ڕێ ئەکەین.

لێنین بەردەوام بوو و وتی.

_ بەڵام گرنگ نییە بیر وباوەڕمان چۆنە دەربارەی هونەر، هەروەها گرنگیش نییە هونەر چێ دەبەخشێت بۆ سەدان تەنانەت بۆ هەزارەها کەس لە دانشیتوانی دونیا کە ملیۆنەهایە. هونەر بۆ گەلە، دەبێت بە هێزەوە ڕەگ بهاوێژێ لە ناو قوڵایی خەڵکی ڕەنجبەری فراوان و دەبێت هونەرێک بێت کە گەل لێی تێبگات و خۆشی بوێت. ئەرکی هونەر ئەوەیە کە هەست و بیر و ئیرادەی جەماوەر یەکبخات و بیگەیێنێتە ئاستێکی بەرز، ئەرکێتی هونەرمەندان بە ئاگای بهێنێت و پەرەیان پێبدات. ئایا ئەرکمانە کە بەسقەمێکی(پسکت) شیرین و ناسک پێشکەش بکەین بە کەمینەیەک بەڵام جەماوەری کرێکار و جووتیاران پێویستیان بە نانی ڕەش هەیە؟ پێویست بە ڕوون کردنەوە ناکات، من مانای ئەمە تێدەگەم مەبەستم تەنها وشەکە نییە، بەڵکو بە مانا خواستراوەکەی(مجازەکەی): مەبەستم ئەوەیە کە کرێکار و جووتیارانمان لە بەر چاو بێت. لە پێناویاندا دەبێت فێربین چۆن بەڕیوبەرایەتی ئابووری و ژماردن دەکەین، ئەمەش هونەر و ڕۆشنبیری دەگرێتەوە.

_ بۆ ئەوەی هونەر بتوانێت لە گەل نزیک بێتەوە وگەلیش لە هونەر، پێویستە لەسەرمان لەسەرەتاوە ئاستی گشتی فێرکردن و ڕۆشنبیری بەرز بکەینەوە. ئێستە وەزعمان چۆنە لەم بووارەدا؟ تۆ خۆشحالی بەم کارە ڕۆشنبیرییە مەزنانە کە بەدەستمان هێناوە لەو کاتەوە کە هاتووینەتە سەر دەسەڵات. بە لّی، دەتوانین بەبێ هیچ لە خۆباییەک بڵێن: ئێمە لەم بووارەدا شتی زۆر زۆر گەورەمان کرد، ئێمە (نەک تەنها سەرمان نەبرییەوە وەک ئەوەی مەنشەفیەکان لەم هەموو دونیادا تاوانبارمان دەکەن بەوە وهەروەها کاوتسکی کە لە وڵاتەکەتاندایە، بەڵکو ئێمە سەرمان ڕۆشنکردەوە، سەری زۆرمان ڕۆشنکردەوە، بەڵام ئەمە زۆرە بۆ ئەو ماوەیەی کە ڕۆشت، لە پێناو هەڵەکانی چینەکان و ئەو تاقمانەی کە باوبوون ئەو کاتە.

ئەو تووینێتییەی بۆ فێرکردن و رۆشنبیری کە توانیمان بیشکێنین و بەدیبهێنین، کاریگەری هەبوو لە ناو دڵودەروونی کرێکاران و جووتیاراندا و کارێکی مەزنی بێهاوتا بوو. ئەم توینێتییەمان شکاند نەک تەنها لە بترۆغراد و مۆسکۆ و لە ناوەندە پیشەسازییەکاندا، بەڵکو گەشتە دوورترین شوێن و بۆ خودی دێهاتەکانیش، ئەمەو بۆ ئاگاداری، ئێمە گەلێکی هەژارین، بەراستی هەژارین. ئێمە شەرێکی راستەقینە بەرپا دەکەین دژ بە نەخوێندەواری. ئێمە کتێبخانەکان رێکدەخەین و هەروەها خانووی خوێندنەوە درووست دەکەین لە شار و دێهاتەکان بە گەورە و بچووکیانەوە، و هەموو جۆرەکانی خولی فێرکردن رێکدەخەین، ئاهەنگی شانۆ و گۆرانی و مۆسیقای باش دەگێرین، (پێشانگای گەرۆک) و(قیتارە رۆشنکەرەوەکان) دەنێرین بۆ هەموو شوێنێکی ئەم وڵاتە.

بەڵام دەگەرێمەوە و دەڵێم: ئەمانە ئەتوانن چی پێشکەش بە دانیشتوانێک بکەن کە ژمارەیان بە ملیۆنەهایە و بێبەشن لە مەعارفی سەرەتایی و بەتایبەتی رۆشنبیری سەرەتاییەکان؟ لە کاتێکدا کە دەیان هەزار کەس ئەمرۆ لە مۆسکۆ دەرۆن بۆ شانۆگەری و سبەینێ دە هەزار کەسی تر دەرۆن بۆ بینینی شانۆگەرییەکی باش و پەسەند دەبێت لایان، ملیۆنەها مرۆڤ هەیە هەوڵدەدەن کە فێربن چۆن بتوانن ناوی خۆیان بەشێوەیەکی راست بنووسن وچۆن بتوانن شت بژمێرن، هەوڵدەدەن رۆشنبیرییرکیان دەستکەوێت فێریان بکات کە زەوی خرە نەک تەختایی، و جیهان یاسای سرووشت حوکمی دەکات، نەک جنۆکە و سحرباز لەگەڵ (باوکی ئاسمانی).

تێرامام و وتم: (ئەی هاورێ لینین، نابێت بەم شێوە تاڵە سکاڵا بکەیت لەدەستی نەخوێندەواری. نەخوێندەواری لە لایەنێکی دیاری کراوەوە مەسەلەی شۆرشی بۆتان ئاسان کرد، بیر و هۆشی کرێکاران و جووتیارانی پاراست لە پیس بوونیان بە چەمکەکان و تێروانینی بورژوازی هەروەها لە سستی و پووکانەوە. ریکلام و هاندانتان لە خاکێکی پاکدا تووێ دانا. تووێ و درووێنە لە خاکێکدایە کە پێویستییتان بەوە نییە دارستانێک ببرنەوە بەتەواوەتی.

لینین وەڵامی دایەوە.

ــ بەڵی، ئەمە راستە، بەڵام لە سنوورێکی دیاریکراودا، یان باشتر بڵێم بە گوێرەی قۆناغێکی دیاریکراو لە خەباتماندا. نەخوێندەواری هاوتەریب بوو لە گەڵ خەباتدا لە پێناوی دەسەڵاتدا، لەگەڵ پێویستی تێشکانی دەزگای وڵاتی کۆن. بەڵام، ئایە دەمانبینی ئێمە دەروخێنین تەنها لە پێناوی روخاندنا؟ ئێمە دەروخێنین لە پێناوی خوڵقاندنی شتێکی نوێدا. نەخوێندەواری بە شێوەیەکی بەد(خراپ) لەگەڵ ئەرکی دووبارە درووستکردنەوە هاوژینە، دەتوانم بڵێم بە هیچ شێوەیەک ناگونجێت. وەک مارکس دەڵێت پێویستە ئەم مەسەلەیە، مەسەلەی کرێکاران بێت، لەلایەن خۆمەوە ئەمەی بۆ ئیزافە ئەکەم هەروەها مەسەلەی جووتیارانیش بێت، ئەگەر دەیانەوێت ئازادی بەدەست بهێنن. سیستەمی شوورەویمان ئەم ئەرکە ئاسان دەکاتەوە، بە هۆیەوە لە کاتی حازردا هەزارەها لە رۆڵەکانی ئەم گەلە فێر دەبن، لە هەموو بەشەکانی شوورەوی و دامودەزگای شوورەوی، کار کردن لە پێناوی دووبارەبوونەوەی درووستکردن، وەک باوە لای ئێوە دەڵێن (پیاوان و ژنان کە قووڵیان لێ هەڵکردووە). هەموویان لە هەناوی سیستەمی کۆن گەورە بوون، لە کۆتایدا هیچ زانستێکیان دەست نەکەوتووە، و پێوەندیان بە رۆشنبیرییەوە نەبووە، بەڵام ئێستە بە شەوقەوە دەرۆن بۆ مەعریفەت. ئێمە بە هەموو تواناکانمان چاومان بریوەتە ئەو هیوایەی بۆ راکێشانی توێژی نوێ لە پیاوان و ژنان بۆ کار کردن لە شوورەویی، بەشێکی دیاریکراویان بدرێتی لە زانستی لە بوواری پراکتیک و تیۆری. بەڵام وێرای ئەمانە هەموو، بەتەواوەتی ناتوانین هەموو پێویستییەکانمان بەدەست بهێنن بۆ هێزە رابەرە داهێنەرەکە. ئێمە ناچارین بیروکراتییەکان لە شێوازی کۆن بەشدارکەین،. دەرئەنجامەکە وای لێهات کە بیروکراتی لامان درووست بوو. من لە دڵەوە رقم لە بیروکراتی دەبێتەوە، بە بێ ئەوەی مەبەستم یەک بیروکراتی دیاریکراوبێت. لەوانەیە ئەم بیروکراتییە کەسێکی خەباتگێر بێت، بەڵام رقم لە سیستەمی بیروکراتییە، ئفلیجی و فەسادی لە خوارەوە و سەرەوە وەک یەک بڵاو دەکاتەوە. تاکە کار کە بەهۆیەوە بتوانین بەسەر بیروکراتیدا زاڵبین و لەرەگەوە دەربێنین ئەوەیە کە گەل فێر بکەین و پەروەردەیان بکەین بە شێوەیکی فراوان.

ــ تێروانینمان بۆ دوارۆژ چییە؟ دەزگای نایابمان درووستکرد، و ئیجرائاتێکی نوێمان پەیرەوکرد، ئامانجمان فروانکردنی مەودایە بەرامبەر لاوانی پرۆلیتاریا بۆ بەدەستهێنانی زانست و دراسەکردنی رۆشنبیری و

وەرگرتنی. بەڵام پرسیارە دڵتەنگەکە زەقدەبێتەوە بەرامبەرمان: قیمەتی ئەمانە چییە بەگوێرەی ئەم ژمارە زۆرە لەو دانیشتوانەی کە لەوڵاتەکەماندا هەیە؟ لەوە بەدتر ژمارەی باخچەی ساوایان و خانووی بێ باوک ودایکان و قووتابخانەی سەرەتایی زۆر زۆر کەمن بە گوێرەی پێویست.(ملیونەها منداڵان، وەک باوک و دایکیان بە نەخوێندەواری پەوەردە دەبن، رۆشنبیر نین، چەندین داهێنەر ئەپوروقێ وتواناکەی لەدەست دەدات بەو هۆیەوە، و چەندین هیوا وئاوات بۆ رۆشنایی دەروخێن! ئەمە تاوانێکی قێزەوەنە لەروانگەی دڵشادی نەوەی پێگەیشتوو ویەکسان بێت بە تاوانی بەفێرۆدانی سامانی وڵاتی شوورەوی کە دەبووایە بگۆڕایە بۆ کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی. ئەلیرەدا ترسە تۆقێنەرەکە بوونی هەیە.

دەنگی لێنین بە خۆرسکی زۆر ئارام بوو، بەڵام رەنگدانەوەی تورەبوونێکی خنکاو بوو.

بیرمکردەوە (لەبەر ئەوەی ئەم مەسەلەیە دابووی لە دڵی، لەبەر ئەوەی کە خیتابێکی هاندەر دەڵێت بەرامبەرمان، مەبەستم هەرسێکمانە). یەکێکمان (بەبیرم نایەت کێ بوو) دەستی بە قسەکردن کرد دەربارەی هەندێ دیاردە کە سەرنج ڕاکێشە بەشێوەیەکی تایبەتی لە بواری هونەر و رۆشنبیری، وا ڕوونی کردەوە کە پێوەندی بە بارودۆخی سەردەمی نوێوە هەیە. لێنین ئیعترازی کرد و وتی.

ــ باش ئەمە دەزانم! زۆرن ئەوانەی لە دڵسۆزی خۆیانەوە قەناعتیان هێناوە گوایە توانای ئەوە هەیە کە سەختی ئەم سەردەمە وهەروەها ترسناکەکانی(بە نان و یاری کرۆباتیک(سێرک)) تێپەڕدەبن. بەنان بەڵی دەتوانین! بەڵام بە یاری کرۆباتیک- با وابێت! من ئیعترازم نییە. بەڵام ئەوەی لەسەریان پێویستە لەم بووارەدا لەبیریان نەچێت کە تەمسیلییەکان هونەری ڕاستەقینەی گەورە نین، بەڵکۆ تارادەیەک گەمەیەکی دڵخۆشکەرەیە. لەسەرمانە لەم حاڵەتدا لەبیرمان نەچێت کە کرێکار و جوتیارانمان هاوشێوەی(پرۆلیتاریای خڵتەی(حثالە) ڕۆما نین لە هیچ شتێکدا). ئەوان لەسەر حسابی وڵات ناژین، بەڵکو ئەوان بە ڕەنج و ماندووبوونیان یارمەتی وڵاتەکەیان دەدەن و شۆڕشیان درووستکرد، لەپێناوی مەسەلەکەیاندا ڕووبارێ خوێنیان بەخشی، قوربانییەکی بێ ژمارەیان دا. ئەوەی ڕاستی بێت کرێکار و جووتیارەکانمان موستەحەقی شتێکی گەورەترن لە یاری کرۆباتیک. مافی خۆیانە هونەرێکی ڕاستەقینەی گەورەیان هەبێت. بۆیە لە پلەی یەکەمدا مەسەلەی فێرکردنی میلی و پەروەردەی میلیان بۆ دەخەینە ڕوو بە شێوەیەکی فراوان، ئەم دووانە ڕۆشنبیری ئامادە دەکات_ بە مەرجێک کە کێشەی نان بەتەواوەتی چارەسەرکرابێت. و لەم ئەرزییەتە دەبێت هونەرێکی نوێی ڕاستەقینە پەرەبسەنێت، هونەرێکی کۆمۆنیستی مەزن، فۆرمێک بخوڵقێنێت کە یەکسان بێت بە ناوەڕۆکەکە. ئەرکی (ڕۆشنبیرەکانمان) لەم ڕێگایەدا کە زۆر کاری نایاب هەیە جێبەجێبکەن کە گرنگییەکی مەزنی هەیە، لەسەریانە چارەسەری بۆ بدۆزنەوە. ئەگەر لەم مەسەلانە تێگەشتن و هەستان بە چارەسەرکردنی، کەوابوو توانیان ئەرکەکانیان جێبەجێبکەن بەرەو شۆرشی پرۆلیتاریا کە دەرگای بەرامبەریان کردەوە بۆ رزگارکردنیان لەو بارودۆخە ژیانەی کە (مانەفێستی کۆمۆنیست) زۆر زیرەکانە وسفی کردووە، و بەرەو ئاسۆیەکی فراوانی رەها دەیانبات.

ئەوە شەوە تا درەنگانێک نەخەوتین و باسی زۆر مەسەلەی ترمان کرد. بەڵام تێڕوانینەکانم دەشاردەوە بە بەراورد لەگەڵ ئەو تێبینیانەی کە لێنین دەربارەی مەسەلە هونەرییەکان و ڕۆشنبیر و فێرکردن و پەروەردە باسی دەکرد.

❊

__تێبینی:__

*ئەم وتارەم بە زمانی هۆڵەندی دەست نەکەوت وەک وتارەکانی تر بەتایبەتی نامەکانی لێنین، بۆ ئەوەی بەراوردێکی بکەم/ وەرگێڕ*

**سەرچاوە:**

**لێنین فی الادب و الفن/ ترجمه من الروسیه: یوسف الحلاق**